# موشتەری 24 کاتژمێرە

## یاسا تازەکانی سەرکەوتن لە مارکێتینگ و فرۆش




**ناوی کتێب : موشتەری 24 کاتژمێرە**

**نوسەر : ئادریان  سی . ئوت**

**وەرگێڕان و پوخت کردنەوە : نەزمی قادر**

**هەڵەچن : نێرگز محمد**


**جۆری کتێب : ئەلکترۆنی (pdf)**

**ئامادەکردنی تیمی خولی بزنسی کەسێتی**

**لە بڵاوکراوەکانی وێبسایتی ئاوز هۆم**

**www.awazhome.com**

**07715014257 –07508749287(ڤایبەر . تلیگرام)**




## پڕۆژەی مێشکی بزنسمان چییە ؟

**لە هەرشارێکی کوردستانەوە بیت ئەتوانی بەژداری بکەیت لەم پڕۆژەیە**

ئەتەوێت ؟! لە 25 خولەکدا بزنس و ئیش و کارەکەت بگەیەنە سود و قازانجی گەورە ؟

**بەژداربە لە پڕۆژەی 50 کتێب بخوێنەرەوە 51 هەنگاو پێشبکەوە !**

**( لە 25 خولەکدا فکرەی سەرەکی کتێبێکی بەناوبانگ و پر فرۆش وەرگرە و لە پیشە و بزنسەکەتدا جێبەجێی بکە تا سەرکەوتن و فرۆش و داهاتت زیاد بکەیت )**

**لەم پڕۆژەیەدا**

- ✓ لە ماوەی یەک ساڵدا داهاتت زیاتر لە 3 ئەوەندە زیاد بکە .
- ✓ فرۆشی بەرهەم و کاڵاکانت 5 بەرامبەر زیاد بکە
- ✓ سەرکردایەتی کردنی بزنس و کارەکەت .
- ✓ فرۆش و مارکێتینگ ی سەرکەوتوو .
- ✓ گەیشتن بە ئامانجی ئابوری .

**داشکاندن 16%**
**تا 2020/3/25**

# پوختەی کلیلی کتێبی موشتەری 24 کاتژمێرە

- لە ئێستا دا خەڵکی کاتی کەمیان هەیە بۆ سەرنجدانی ناوەڕۆکی ریکلامەکانتان ، بۆ چارەسەر کردنی کێشەی نەخوێندنەوەی ریکلامەکانتان پێویستە تێروانینی نوێ دروست بکەیت بۆ ( بەهای کاتی موشتەری ) .
- بۆ بەربلاوکردن و بازارسازی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانت پێویستە سود وەربگریت لە (شیکاری پێوەری کات) بۆ بەکاربەرانی بەرهەمەکانت .
- شێوازی گونجاندنی بەرهەمەکانتان بە پێی گرنگی پێدانی ریزبەندی لەپێش دانانی(ئەولەویەتی) موشتەرییەکانتان لە روی پاڵنەر ، خوو ، ئاسانی ، بەها و بەنرخی دیاری بکەن .
- پشکی هاندان و پاڵنەر لە هێڵکاری لە پێشترینەکان(ئەولەویەت)ی بەکاربەر پێویستی بە زۆرترین کات هەیە بۆی تەرخان بکەیت .

- پشکی ئەو سەرکەوتنەی لە گروپی (خووەکان)ە پەیوەستە بەوەی کە ئەو بەرهەم و خزمەتگوزارییەی ئێوە یارمەتی موشتەری بدات لە بواری (ئەنجامی بدە و فەرامۆشی بکە ) .
- ئەو کەسانەی کە ئەیانەوێت کاتیان بگەڕێتەوە و بە زایەی نەدەن باشترین کڕیارەکانن لە خزمەتگوزاری و بەرهەمەکانتان لە گروپی (ئاسانکار)ن ، خواردنی خێرا و کۆمپانیای گەیاندنی خێرا لەمە سودمەند بوون .
- بزنسەکانی وەک زنجیرەی فرۆشگا گەورەکان سەرکەوتنیان لە گروپی (بەنرخی و بەها)یە و باشترین نرخەکان دەخەنەڕوو .
- لە جێی تەرکیز کردن لە سەر تایبەتمەندی بەرهەم (بەرژەوەندی کات ، گەڕاندنەوەی کات) لە پێش چاوو بگرە .
- نزیک کردنەوەو ( بەنرخاندنی کات ) ئەوەی ئەبێتە هۆی ئەوەی کە نوێگەری ، زیادکردنی داهات و جیاوازی ڕکابەرایەتیت هەبێت .

## ئەوەی لەم پوختەی کتێبەدا فێری ئەبیت :

- بۆچی سەردەمی بازارسازی کلاسیک و تەرکیز خستنەسەر تایبەمەندییەکانی بەرهەم کۆتایی هاتووە ؟
- چۆن تەرکیز بخەینە سەر کاتی موشتەرییەکان و پێویستیەکانیان ؟
- چۆن بۆ فرۆشتنی زیاتری بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان سود لە کات وەرگرین ؟

لە ئیمرۆدا هیچ کەس کاتی پێویستی لە بەردەستدا نییە بۆ کڕین، ئادریان سی ئوت ستراتیژزانی کۆمپانیاکان لە کتێبەکەیدا ئەم بابەتەی شیتەڵ کردووە وە بەکارهێنانی لە بزنسەکاندا ڕوون ئەکاتەوە . ئەو شێوازانێکی تازەی خستوەتەڕوو کە کەمی کاتی موشتەرییەکانی گۆڕیوە و کردوویەتیە هەرەمێک بۆ زیادکردنی فرۆش .

## بەشی یەکەم / هەڵبژاردەی زۆر ، کاتی کەم (گرفتی زۆرینەی نەکڕینەکان)

کڕیارەکان ڕوبەڕووی هەڵبژاردی زۆر بونەتەوە لە بەرهەمەکان و وەفاداری موشتەری کەمی کردووە ، مرۆڤەکان ئازار ئەچەشن لەو کارە زۆرانەی کە هەیانە لەبەرامبەر ئەو کاتە سنوردارەی کە لەبەردەستیانە بۆ ئەنجامدان ، بەم شێوەیە کۆمپانیاو دامەزراوەکان ڕوبەڕوی کێشەی ریکلام و بازارسازی بونەتەوە بۆ سەرنجڕاکێشانی موشتەرییەکان . کڕیارەکان پارێزگاری لە کاتە پڕبایەخەکانی خۆیان ئەکەن و سەرنجی ریکلامەکان نادەن .

لەم جیهانە پڕ میدیایەی کە بەردەوام خەریکە ئەگۆڕێت و لقی جیای لێبوەتەوە کۆمپانیاکان پێویستە بەردەوام تەرکیز بخەنە سەر کات و سەرنج ڕاکێشانی کڕیارەکان.



بوکەڵەی جوان و سەرنج ڕاکێشی کۆمپانیایەک ڕووبەڕوی ڕکابەرایەتی بویەوە لە گەڵ کۆمپانیایەکی تر ، ئەو کۆمپانیایەی کە بوکەڵەی وبکینزی بەرهەم ئەهێنا ئاژەڵێ هاوشێوەی بە زیادەوە خستەڕوو بە وێنەوە بە شێوازی ئۆنلاین ، ئەم کۆمپانیایە گۆڕدرا بۆ مارکە(براند) و بە ناوبانگبوو بە نرخی هەرزان و لقی دابەشکاری سەرنج ڕاکێش . کۆمپانیاکەی تر بۆ ڕکابەرایەتی وبکینز جیهانی (بوکەڵەی مەجازی) دەست پێکرد ، بەڵام نەیتوانی وبکینز لە بازار بکاتە دەرەوە . دایباب کاتی یاری ئۆنلاینەکانی منداڵەکانیان سنوردارکرد بە بوکەڵەکانی وبکینز ، وە لە ئەنجامدا منداڵەکان کاتی زیادەیان بۆ نەمایەوە بۆ یاریکردن بە بوکەڵەی ڕکابەرەکان .

بازارسازەکان لە جێی تەرکیز خستنە سەر (لە بەرچاو بوونی موشتەری ، ناوبانگی مارکە و ڕازیبوون لە بەرهەمەکە) ئەبێت زیاتر نیگەرانی هەبونی کاتی پێویست بن بۆ بەکاربەرەکانیان .



بۆ ڕونیەتی سنوردارییەکانی ڕووبە گەشەی کڕیارەکان لە کات و ڕێژەی سەرنجیان پێویستمان بە چوارچێوەیەکی ڕێکخراویی بە ژینگەیی ناوچەکەیە . زانینی نوێگەری لە بەنرخاندنی کاتی موشتەری یارمەتیت ئەدات تا بە تەواوی سود وەربگریت لە کات و سەرنجی موشتەری . ئەم ڕوانگەیە خەریکی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەیە :

- کۆمپانیاکەت لە جیهانی گوڕاودا چۆن بەرهەمەکانی بفرۆشێت؟
- کۆمپانیاکەت چۆن ئەتوانێت بە تەرکیز خستنە سەر بەهای کاتی موشتەری دەرفەتەکان بەرفراوانتر بکات ؟
- چۆن ئەتوانێت موشتەرییەکان بۆ لای خۆی ڕاکێشێت ؟
- باشترین رێگا بۆ پاراستنی موشتەرییەکان کامەیە لە بەرامبەر ڕکابەرەکان ؟

# بەشی دووەم / سودوەرگرتن لە دەرفەتەکان بۆ زیادکردنی

## فرۆش و بون بە برەند

ئەندازیارانی کۆمپانیای نایک بۆیان دەرکەوت کە وەرزشەوانان لە کاتی ڕاکردن لە ئایپادەکەیان سودوەرئەگرن بۆ گوێگرتن، نایک لە گەڵ ئەپل بە هاوکاری یەکتری بەستەی وەرزشی (نایک پلاس )یان دیزاین کرد ، ئەم بەستە پێک هاتبوو لە هەستەوەرێکی بێ تەل کە (ئەکەوتە بنکی پێڵاوی نایک) وە وەرگرێکی ئایپاد کە بەسترابویەوە بە پەخشکەرەوەی موزیک ، هەستەوەرەکە ماوەی نێوان خێرایی و کالۆری سەرف بووی پێوانە ئەکرد . ئەگەرچی بەرهەمەکانی تریش کاریان هاوشێوەی ئەمە بوو بەڵام کاری رکابەرەکان هەموو چارەسەرەکەیان بەم شێوازە نەبوو، ڕکابەرەکان لینکیان لە گەڵ وێب سایتی نایک نەبوو تا وەرزشکاران بتوانن زانیاری ڕاهێنانی پێشوویان بەراورد بکەن لە گەڵ بەکاربەرەکانی تر . بەڵام ئایپاد ئەم تایبەتمەندییەی هەبوو .



کاتێک نایک هەڵسوکەوتی لە گەڵ موشتەری بە شێوازی کرداری داهێنراو ئەنجام دا پشکی بازاری پێڵاوی وەرزشی ئەم کۆمپانیایە 13% زیادی کرد . نایک بە هۆی تەرکیزی کەمتری لە سەر پێلاو و تەرکیزی زیاتری لەسەر ئەو کاتەی وەرزشکاران بەسەری ئەبەن خۆی لە ڕکابەرەکان جیاواز کرد .

لە ئێستادا کریارەکان کەمتر لە 3% کاتی بێداری خۆیان بۆ گەڕان و کڕینی بەرهەم و خزمەتگوزاری تەرخان ئەکەن . ئەم دۆخە لە بازاری ئاڵوگۆڕکاری بازرگانیش لەوە باشتر نییە و نزیک ئەبێتەوە لە 10% تا 15% لە کاتی بێداری، ئەمە لە کاتێکدایە کە بازار ژمارەیەکی زۆر لە بەرهەم و خزمەتگوزاری ئەخاتە ڕوو .

بەشێکی گرنگ لە کاتی خۆتان تەرخان بکەن بۆ شیکردنەوەی کاتەکانی موشتەری . بەهای بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانتان پێویستە زیاتر لاربێتەوە بۆ بەنرخاندنی کات لەو وەختەی کە موشتەری سەرفی ئەکات لە گەڕان و کڕینی بەرهەم و خزمەتگوزاری .

لە ئێستادا زۆرینەی موشتەرییەکان تەنانەت لە ناونوسینیان بۆ وەرگرتنی نمونەی خۆڕایی ئۆنلاین دورکەوتونەتەوە چونکە کاتێکی زیادیان ئەبات .

بۆچی 90% کۆمپانیا و دامەزراوەکان شکست ئەهێنن ؟
لە پرۆژەی مێشکی بزنسمان
لە کۆتایی ئەم کتێبەوە زانیاری وەربگرە
لە هەرشارێکی کوردستانەوە بیت ئەتوانی بەژداری بکەیت لەم پرۆژەیە

# بەشی سێیەم / شیکردنەوەی کاتپێو (فرسەتی کڕین بدۆزەرەوە)

لە شیکردنەوەی کاتپێو سود وەربگرن بۆ تێگەیشتن و سەرنجدانی بەکاربەران بۆ هەڵسەنگاندیان و کرینی بەرهەم .



## کاتپێو هێڵکارییەکی چوار بەشە کە هەڵسەنگاندنی موشتەرییەکان

## ئەکات لە ڕوانگەی :

1- پاڵنەر و هاندان (سەرنجڕاکێشانی کات) : زۆرینەی بازارسازەکان هەوڵێکی زۆریان داوە بۆ بەدەستهێنانی شوێنگەیەک لە بەشی پاڵنەر ، ئەڵبەتە ئەم شوێنگەیە جێگیر نییە بۆ زۆرێک لە برندەکان وە سەرنجیان زۆر لەسەری نییە . موشتەرییەکان هۆگری خۆیان بە درێژایی کات لە دەست ئەدەن تەنها لە کاتێکدا نەبێت کە تەوژمێکی بەردەوام لە نوێگەری ، سەرنجیان بۆ بەرهەمەکە ڕاکێشت .

2- خوو ( عادەت و کاتی ئۆتۆماتیک) : بەکاربەرەکان ڕۆژانە کاتێکی زۆریان لە بەشی خووەکان تێدەپەڕێنن بۆ نمونە : چونە سەرکار و گەڕانەوەیان ، ئەم خووانە بە شێوازی ئۆتۆماتیک و بە بێ بیرکردنەوە و سەرنجی ئاگایانە ئەنجام ئەدرێت .

3- ئاسانی (گەڕاندنەوەی کات) : بە پێچەوانەوە بەکاربەران کەمترین کاتیان وە لەهەمانکاتدا کاتی سەرنجی تەواو لە بەشی ئاسانی

هێڵکارییەکە سەرف ئەکەن . ئەمە خاڵێکی بنچینەییە لە بەشی ئاسانی ، ئەو کارەی کە خواردنە خێراکان ئەنجامی ئەدەن .

4- بەها (کاتی کەمکراوە) : نرخی رێنمونیکار هەمو شتێکە لە بەشی بەها ، ئەو بەشەی کە موشتەرییەکان کەمترین کات و سەرنجی خۆیان تایبەت ئەکەن پێوەی .

بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانتان لە سەر بنەمای شیکاری کاتپێو وە بە سودوەرگرتن لە گونجاوترین شێوازەکان بازارسازی بۆ بکەن . نوێگەری و (سودمەندبون لە کات )ی بەرهەم زیاتر لە تایبەتمەندییەکانی تر لە ریکلام و بازارسازیدا جەختی لەسەر بکەنەوە . شیکردنەوەی کاتپێو کارئەکاتە سەر ڕەفتاری بەکاربەر وە تەرکیز ئەکاتە سەر هەنگاوی خێرا و جێبەجێکردنی کڕین .ئەگەر موشتەرییەکان لە ڕووی هەڵسەنگاندنی بەهای کات پلەیەکی بەرز نەدەن بە بەرهەمەکەتان لە ژیانی خۆیاندا کاتێک تەرخان ناکەن بۆ سود وەرگرتن لە بەرهەمەکەتان .

## بەشی چوارەم / چوار هۆکاری سەرەکی کە کار ئەکاتە سەر تێپەڕاندنی کاتی بەکاربەرەکان لە کاتی کڕیندا

یەکەم/ تێگەیشتن لە کات : خەڵک نازانن ئەنجامدانی کارێک چەنێک درێژە ئەکێشێت .

دووەم / پەسەندی کات : کڕیارەکان کاتێکی زۆر سەرف ئەکەن بۆ بینینی ئەو شتانەی کە حەزیان لێیەتی وەک سەیرکردنی ئۆتۆمبێلی تازە . ئەگەر حەزیان لە شتێک نەبێ کاتی کەمتری بۆ تەرخان ئەکەن وەک کڕینی گۆشت لە گۆشتفرۆشی .

سێیەم/ سنورداری کات : لەوانەیە ئەو کڕیارانەی کە کاتی کەمیان هەیە و پەلەیانە لە کاتی کڕیندا زۆر گرنگی بە بەرهەمەکەی تۆ نەدەن .

چوارەم / ساتی قایل کردن : ئەم ساتانە خەڵک هان ئەدات بۆ کڕینی شتێک .

بەرهەمەکەی تۆ ئەکەوێتە کام بەشە لە هێڵکاری کاتپێو ؟ گرنگترین بەش بۆ بەرهەمەکەت کامەیە ؟ بەم پرسیارانە هێڵێکی کاتی بۆ بەرهەمەکە

دیاری بکە : موشتەری چ کاتێکی خۆی تەرخان ئەکات بۆ چالاکیەکی تایبەت ؟ چ شتێک زیاتر کاتی موشتەری ئەگێرێتەوە ؟ چ شتێک زیاتر ئەبێتە هۆی ئەوەی پارەی کەمتر سەرف بکات ؟ چ بەرهەمێکی رکابەرەکان شوێنگرەوەی بەرهەمەکەی تۆیە بۆ ژیانی موشتەری ؟

## ئاستی سەرنجی بەکاربەرانی بەرهەمەکانتان بپێون !

-ئایا لە چەند پیشەدا خەریکی کارن ؟

-لە یەک کاتدا چەند جۆر تەکنەلۆجی بە کار ئەهێنن ؟ وەک سەیرکردنی تەلەفیزۆن ، بەکارهێنانی مۆبایل ، گەران لە ئینتەرنێت و ...

لەوانەیە موشتەرییەکان لەیەکاتدا لەچەند بەشێکی هێڵکارییەکەدا چالاک بن .

## بەشی پێنجەم / پارامەتری نوێی کات و سەرنج بەم سێ تەکنیکە فراوانتر بکە

**یەکەم/ زیادکردنی بەهای کات ( یان دابەزاندنی تێچوونی کات )**

کاتی ئامادەبوونی بەکاربەر واتە ئەو کاتەی کە لە مارکێت یان وێب سایتەکەتەن زیادی بکە . بەرێوەبەرانی فرۆشگاکانی بەقاڵی و بەرهەمە گرنگەکانی وەک نان و شیر لە کۆتایی دوکانەکەوە دائەنێن بۆ ئەوەی موشتەری ناچار بێت بگەرێت بە تەواوی دوکانەکەدا . وردە فرۆشیەکان لە ئینتەرنێت سود وەرئەگرن لە ڕستەی ( فرۆشی تایبەتی ئەمڕۆ) تا ئەوانەی سەردانی وێب سایتیان کردووە بیانهێڵنەوە . دروستکردنی ( خۆشحاڵی خێرا ) یەکێکی ترە لەو رێگایانەی کە بەکاری ئەهێنن . فرۆشیارە ئۆنلاینەکان بە بیرۆکەی (یەک کلیک ) کار ئەکەن تا ئەو موشتەرییانەی کە شیاون و پێشتر دیارییان کردوون بتوانن پێیان بفرۆشن .

چۆن بزنسەکەت پێش ئەخەیت و فرۆشت زیاتر ئەکەیت؟

بڕوانە پڕۆژەی مێشکی بزنسمان

لە هەرشارێکی کوردستانەوە بیت ئەتوانی بەژداری بکەیت لەم پڕۆژەیە

## دووەم / پێناسەی تەواوەتی کاتی بەکاربردن

بڕینی کات یەکێکە لە ڕێگاکانی ئەم کارە ، بۆ نمونە ئەو کۆمپانیایانەی کە بەرهەمە نایاب و گران و مۆدە ئەدەن بە کرێ کە موشتەری توانای کڕینی نییە وەک کیف و جانتا ، ئۆتۆمبێل .

## سێیەم / گۆڕینی ڕێڕەوی کڕین و بەکاربردن

بەکاربەرەکان بەگشتی بۆ کڕینی کاڵاکان بەم قۆناغانەدا تێپەڕ دەبن :

( ئاگایی . سەرنج . پەسەندی . کڕین ) بەڵام لە ئێستادا کۆمپانیاکانی وەک ئەمازۆن ، عەلیبابا و ... کڕین و بەکاربردنیانکردوە بە یەک ، ئەمازۆنیش بەم ڕێگایە سود وەرئەگرێت بۆ خوێنەرەکانی کتێبی ئەلکترۆنی . لە ئێستایشدا کۆمپانیاکان شوێنی ( داواکردنیکڕین و بەکاربردن ) یان گۆڕیوە لە گەڵ یەکتری .



بۆنمونە : رۆژنامەیەکی بەناوبانگ خوێنەرە تازەکانی خۆی هان ئەدات بۆ بەشی ئینتەرنێتی خۆرایی ، لە کاتێکدا زانیارییە گرنگەکانی سەربابەتەکان ئەپارێزێت بۆ ئەندامەکانی کە تێچوونی ئەم خزمەتگوزارییەیان داوە . ئەمە ڕوونە کە تەکنەلۆجیای ئۆنلاین دەرفەتی دەست نەگەیشتنی نوێ و کۆنی خستوەتەڕوو بۆ فرۆشتنی بەرهەم و خزمەتگوزاری .

## بەشی شەشەم / سەرنجڕاکێشەکانی کات

لە شیکردنەوەی کاتپێو بەشی هاندان پێویستی زیاتری هەیە بۆ سەرنجڕاکێشانی بەرهەمەکانتان لە لای بەکاربەران لە بەرامبەر زیاترین بڕی کات و سەرنجدان . پاراستنی ئەم وەفادارییە بۆ ماوەیەکی درێژ ئاسان نییە ، لە جێی ئەوە موشتەری لەم بەشەوە ببەرە بەشی خووەکان کە تیایدا بڕیارەکانی کڕین بەشێوازی ئۆتۆماتیک ڕوئەدات .

بۆ نمونە : بەرهەمی نەرمە ئامێر ( سۆفت وێر )ی ئەندام تەوەر کە مانگانە بە شێوازی ئۆتۆماتیک بەڕۆژ(ئەبدەیت) ئەبێتەوە بوەتە خوو و عادەت .



کاتێک لە بەشی هاندان چالاکیت هەیە هەست و تێگەیشتنەکانی موشتەری بئاڵێنە لە یەک ، بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە بۆ سودوەرگرتن تەریکز بخەرە سەر یەکێک یان چەند دانەیەک لەو هاندەرانە :

1-پەسەندکردن .

2-بابەتانی پەیوەست بە حەزی و عیلاقەی کەسی : وەک رژێمی خۆراکی ، سەرمایەگوزاری ، ڕیککاری کەسی و ... )

ئەتەوێت داهاتت لە کارەکەتدا زیاتر بکەیت ؟ بە ماندووبونێکی کەمتر ؟!

زانیاری لە پرۆژەی مێشکی بزنسمان وەربگرە .

لە هەرشارێکی کوردستانەوە بیت ئەتوانی بەژداری بکەیت لەم پرۆژەیە


## کاتی ئۆتۆماتیک

ئەگەر بەرهەم و خزمەتگوزاری ئێوە بتوانێت ژیانی موشتەری باش بکات و نیگەران نەبێت و ئارامی بۆ بگەڕێنیتەوە وە بەرەوپێش بیبات ئەتوانیت جیاگەری بە دەست بهێنیت لەبەشی خووەکان . لە ڕاستیدا هەرچەندە هەوڵە زهنیەکان کەمتر بێت باشترە بۆ ئەوەی موشتەری تەرکیزی پەرش نەبێت ، وە ناتەوێ موشتەرییەکان بە سەرنج خستنە سەر هەڵبژاردەی تر لە جوڵە بوەستن .

گەرانی گۆگڵ نمونەیەکی باشە ، زۆرینەی تاک ئەوەندە خوویان گرتووە بە گەڕانی گۆگڵ کە هیچ هەست ناکات پێویستی بە هەڵبژاردنەکانی تر هەیە.



بلاک بێری نمونەیەکی ترە لە بەرهەمەکان لە سەربنەمای خووەکان دروست بووە ، ئەو بەرهەمانەی کە تێچوونی سەرەتایی نییە یارمەتی بەکاربەران دەدات تا خووەکانیان بەرفراوان بکەن . لە سەر ئەم بنەمایە بەرهەمانێک دروست بکەن کە بەشێوازی ئۆتۆماتیک بەرۆژ(ئەبدەیت) ئەبنەوە یان بەهەمانێک دروست بکە کە هانی موشتەری ئەدات کە لە ماوەیەکی زۆر کورتدا سودی لێوەربگرێت .



## گەڕێنەرەوەکانی کات بۆ موشتەری بۆ ئەوەی شمەک و بەرهەمی زیاتر بکڕن

ئەو کەسانەی کە تەواوی کارەکانیان لە کۆتا سات ئەنجام ئەدەن وە ئەوانەی ئەیانەوێت سودمەنتر بن، کڕیارانی بەشی بەرهەم و خزمەتگوزاری ئێوەن لە بەشی ( ئاسانکاری ) کە لە بنچینەدا بابەتەکە گەڕاندنەوەی کاتە .

فاست فود و فێدکس(کۆمپانیای پۆستە و گەیاندن) و ... سودیان لەمە وەرگرتووە کە زۆرینە بونەتە هۆی کڕینی بەرێکەوت . شوێنگەی جوگرافیایی و بەهای کات تەوەر تایبەتمەندی باوی ئەو کۆمپانیایانەیە کە پشتیان بە ئاسانکاری بەستوە ، ئەگەر ئەم کۆمپانیایانە بە سەرکەوتوانە کار بکەن زۆرینە ئەتوانن بڕۆنە بەشی (خووەکان) .



## بۆ ئەوەی بتوانت شوێنگەی ئاسانکاری دروستبکەیت بۆ کۆمپانیاکەی خۆت سود وەربگرە لەم 3 شێوازە :

1-کەمکردنەوەی کاتی گەڕان : ئەبێت لە شوێنگەیەکی دروست بین .

2-کەمکردنەوەی کاتی کڕین : توانینی کڕینی خێرا ، ئاسان و بە یەک کلیک نمونەیەکی نایابە بۆ ئەمازۆن .

3-کەمکردنەوەی کاتی بەکاربردن : کۆمپانیای بەرهەمهێنانی جلوبەرگ ڕۆڵی دروومان یان خزمەتکاری هەیە بۆ موشتەرییەکانی . دڵنیایە کە هەمیشە گونجاوترین جلوبەرگ و پێویستی لاوەکی بە باشترین شێوە دابین ئەکات بۆ موشتەرییەکانی کە لە هەمو دۆخێکدا ئامادە و لەبەردەستدایە . ئەم کۆمپانیایە زانیارییەکی وردی هەیە لە سەر موشتەرییەکانی وە بنکەیەکی ئۆنلاینی تایبەت بە جلوبەرگەکان هەیە کە کاتی بۆ گەڕان و کڕینی جلوبەرگی ویستراوی بۆ موشتەری کەمتر کردوەتەوە ، هێزی ئەم زانینی بە ئۆنلاین کردنە بوەتەهۆی ئەوەی کە موشتەری بەرهەمەکانی ئەم کۆمپانیایە پەسەندتر بکات لە ڕکابەرەکانی .

## کاتی کەمکراوە

کۆمپانیاکانی وەک فرۆشگا زنجیرەییە گەورەکان کە لە بەشی ( بەهاو نرخاندن ) سەرکەوتوون باشترین نرخەکان ئەخەنە ڕوو .

لێرەدا سێ دیاردە بۆ ڕکابەرایەتی لە بەشی بەهاو نرخاندن ئەخەینەڕوو :

1-زیادکردنی جۆراوجۆری بەرهەمەکان : فرۆشگا گەورەکان کاریگەرن چونکە ڕووبەرێکی فراوان لە بەرهەمەکان لە فرسەتێکی کڕیندا ئەخەنە ڕوو .

2-ئاسانکردنی ڕەوەندی کڕین : هەڵبژاردەی کڕینی زۆر کەڵەکە مەکەن بەسەر کڕیاردا ، بڕیاری کڕینیان بۆ ئاسان بکەن .

3-بەکاربردنی ریکلام ، پێشنیاز و ئۆفەری خێرا : بۆ دیزاین و نوسینی ریکلامی کاریگەر پێویستان بە داتای متمانەپێکراو هەیە لەسەر چۆنیەتی هەنگاونانی کڕین لە لایەن موشتەریەکانەوە .

لەم جیهانی سەرقاڵ و فرە کاریەدا بەرهەم و خزمەتگوزاریەکانتان پەیوەست بدەنەوە بە کاتی موشتەری و بیکەنە فرسەت بۆی . تێچوونی فرۆش و بازارسازی پەیوەست بکەنەوە بە کاتی موشتەرییەوە .

# پڕۆژەی مێشکی بزنسمان

## 50 کتێب بخوێنەرەوە ، 51 هەنگاو پێشبکەوە !

**لە 25 خولەکدا بزنس و ئیش و کارەکەت بگەیەنە سود و قازانجی گەورە**

**( لە 25 خولەکدا فکرەی سەرەکی کتێبێکی بەناوبانگ و پر فرۆش وەرگرە و لە پیشە و بزنسەکەتدا جێبەجێی بکە تا سەرکەوتن و فرۆش و داهاتت زیاد بکەیت )**

**لەم پڕۆژەیەدا :**

- ✓ لە ماوەی یەک ساڵدا داهاتت زیاتر لە 3 ئەوەندە زیاد بکە .
- ✓ فرۆشی بەرهەم و کاڵاکانت زیاتر بکە .
- ✓ سەرخستنی بزنس و کارەکەت .
- ✓ سەرکردایەتی کاری بزنس و کارەکەت .
- ✓ فرۆش و مارکێتینگ ی سەرکەوتوو .
- ✓ متمانە بە خۆکردن بۆ سەرکەوتن لە پڕۆژە .
- ✓ گەیشتن بە ئامانجی ئابوری
- ✓ و ...

**پوختەی 50 کتێبی بەناوبانگ و پرفرۆش بە زمانی کوردی لە بوارە جیاوازەکان لە ڕووی :**

**بزنس ، زیادکردنی داهات، بەهێزکردنی لایەنی مەعنەوی ، سەرکردایەتی ، بەهێزکردنی کارامەیی پیشە ، مارکێتینگ، متمانەبەخۆکردن ، بەرێوەبردنی دامەزراوە ، ئێن ئێڵ پی ، ...**

# زنجیرەی کتێبەکانی پرۆژەی مێشکی بزنسمان

## ناوی لیستی تەواوی کتێبەکان و نوسەرەکانیان

| ریز بەندی | ناوی کتێب | نوسەر |
|---|---|---|
| 1 | 21رێگای نایاب بۆ ئەوەی بزنسێکی قازانج ویست و پڕسود دروست بکەیت | برایان ترێسی |
| 2 | موشتەری 24 کاتژمێرە (یاسای نوێی سەرکەوتن لە ئابوری خێرا و هەمیشە پەیوەست ) | ئادریان سی.ئوت |
| 3 | لە گفتوگۆوە تا دروست کردنی پەیوەندی (جیاوازی کەسانی کاریگەر لە پەیوەندییەکان ) | جان سی ماکسوێل |
| 4 | بەستنی کۆبونەوەی سودمەند (لابردنی ماندوویەتی و پەرێشانی و بەفیرۆدانی کات لە کۆبونەوەکان ) | چارلی هاوکینز |
| 5 | بینینی ئۆتۆمبێلە سورەکان ( رێنمونی خود ، تیم و دامەزراوەکەت بۆ ئایندەیەکی ئەرێنی ) | لارا گودریچ |
| 6 | چۆن هەرشتێک بە هەرکەسێک بفرۆشین ؟ | داڤ کاهلە |
| 7 | پەردەی سێیەم ( مارکێتینگ لە رێگەی مۆبایلەوە ) | چاک مارتین |
| 8 | ئامانجی سەخت ( نهێنی گەیشتن لە شوێنی ئێستا بۆ شوێنی خوازراو ) | مارک مۆرفی |
| 9 | دیاریکردنی پێویستیە شاراوەکان (دروستکردنی بەرهەمی نایاب) | کیت گافین |
| 10 | بازارسازی هاندان ( هاندانی موشتەرییەکان بۆ کڕینی زیاتر و ناساندنی ئێوە بە کەسانی تر ) | رۆبێرت ئیمبریال |
| 11 | دوبەرامبەر (چون لە ماوەی 3 ساڵ یان کەمتر داهاتت دوو بەرامبەر ئەکەیتەوە ) | کمرون هرالد |
| 12 | باران دروستکردن ( راکێشانی موشتەری نوێ بۆ شارەزایان ) | فۆرد هاردینگ |
| 13 | نهێنیەکانی گفتوگۆی بەهێز ( نهێنیەکانی مامۆستای گفتوگۆ ) | ڕاجر داوسۆن |

| | | |
|---|---|---|
| 14 | دروست بوو بۆ پێدانی عیشق ( دروست کردنی بەرهەم بۆ ئەوەی موشتەری سەرسام بکەیت ) | پیتر بوت رایت |
| 15 | شێوازی کۆمپانیا سەرکەوتوەکان (بە دەست هێنانی قازانج لە مۆدێلی بزنسی خواست تەوەر ) | ریک کاش ، دیوید کالهان |
| 16 | شێوازی قسەکردن لە گەڵ موشتەرییەکان (کاریگەری دروستکردن بە شێوازی ماجیک) | دیان برنبام ، تام لاریکن |
| 17 | هیچکات بەیانیان ئیمەیڵەکەت نەکەیتەوە ( چەندین ستراتیژی نویێ بۆ سادەکردنەوەی ژیانی کارەکەت ) | جولی مورگن سترن |
| 18 | سەرکەوتن لە وتاربێژی (چۆن لە هەر دۆخێکدا بە بەهێزی وتار پێشکەش بکەین ؟) | برایان ترێسی |
| 19 | خزمەتگوزاری نایاب ، قازانجی نایاب (نهێنیەکانی خستنەڕووی خزمەتگوزاری 5 ئەستێرە ) | لیۆناردۆ ئینگلری |
| 20 | کاتێک کارەکانمان زۆر رێگەچارە چییە ؟ (کارەکانتان کەم بکەنەوە ئەنجامی زیاتر بە دەست بهێنن ) | لارا ئیستک |
| 21 | هێزی هەڵبژاردەی کەمتر (هونەری سنوردارکردنی خۆت بۆ کارەکان) | لییۆ بابوتا |
| 22 | متمانەی زیرەکانە (دروستکردنی دەگمەنی ، وزە ، شادی لەم جیهانە بێ متمانەیە) | ستڤن کۆڤی |
| 23 | گۆڕینی کلیک بۆ موشتەری (تەکنیکی سەلمێنراوی بازارسازی بۆ گۆڕینی ترافیکی ئۆنلاین بۆ داهات ) | دان فارستر |
| 24 | گەڕان بە دوای ڕوونی (بازارسازی لە دونیای تێکەڵ و بێ متمانەدا) | جێک تراوت |
| 25 | بە سیستم کردنی کارەکان ( پێکهاتەیەکی سادە بۆ داهاتی زیاتر و کاری کەمتر ) | سام کارپنتر |
| 26 | هێزی خوو (هۆکاری ئەنجامدانی کارەکان لە ژیاندا ) | چارلز دوهیگ |
| 27 | بیانوهێنانەوە قەدەغەیە (هێزی رێککاری کەسی) | برایان ترێسی |
| 28 | فرۆشی سەرکەوتوو لە ئابوری نوێدا (چۆن لە قەیرانی ئابوریدا بە سەرکەوتوویی بفرۆشین ؟) | دن کندی |
| 29 | بە دەست هێنانی داهاتی روئیایی ( داهاتی خۆت لە هەر بارودۆخ و بازارێکدا زیاد بکە) | برایان ترێسی |

| | | |
|---|---|---|
| 30 | ئەفسانەی کارسازی ( بۆچی زۆرینەی بزنسە بچوکەکان سەرکەوتوو نابن و رێگەچارە چییە ؟) | مایکل گربر |
| 31 | چۆن لە گەڵ کەسانی تر بە خێرایی پەیوەندی دروست بکەین ؟ (46 نهێنی بچوک و نوێ بۆ سەرکەوتنی گەورە لە پەیوەندیەکان ) | لایل لوندس |
| 32 | 21 رێگای نایاب بۆ گۆڕینی بڕوای نەرێنی بۆ ئەرێنی (بۆقەکەت قوت بدە) | برایان ترێسی |
| 33 | هەستەکانی بکوژی ئێوە (حەوت رێگا بۆ زاڵبوون بەسەر هەستە ژەهراویەکان ) | کین لیندینر |
| 34 | شێوازی کۆمپانیا سەرکەوتوەکان بۆ دورکەوتنەوە لە کاری بێ عەقڵانە | نیل سمیت ، پاتریشیا ئیکانێل |
| 35 | ئامادە ، وەشاندن ، ئامانج ( لە سفر تا سەدملیۆن ) | مایکل مسترسون |
| 36 | بەرێوەبەرە گەورەکان گەشە ئەکەن | کن بلانچارد |
| 37 | هەنگاوی گرنگ بۆ کەمکردنەوەی تێچوون و زیادکردنی نوێگەری لە بزنس | ریک مریفیلد |
| 38 | دروستکردنی برەند لە 30 رۆژدا | سیمون میدلتون |
| 39 | دیزاین بە شێوازی ئەپڵ (حەوت بنەمای دروستکردنی بەرهەم و خزمەتگوزاری کە موشتەری سەرسام ئەکات) | جان ئیدسن |
| 40 | ملیۆنەرە کلیکیەکان<br>(لە رێگەی بزنسی ئینتەرنێتی کەمتر کار بکە و زیاتر ژیان بکە ) | ئیسکات فاکس |
| 41 | پانزە یاسای بە نرخی گەشەکردن | جان سی مەکسوێل |
| 42 | چۆن زۆرتر بفرۆشین ؟ | ستیو سمیت ، دان ای شولتز |


ئەم پرۆژەیە بەرهەمی تیمی وێبسایتی ئاوز هۆم

www.awazhome.com


لە هەرشارێکی کوردستانەوە بیت ئەتوانی بەژداری بکەیت لەم پرۆژەیە

**له پڕۆژەی مێشکی بزنسمان تەواوی ئەم کتێبانە وەرگێراون بۆ زمانی کوردی و بەژداربوان سودمەند ئەبن لێی لە دوای بەژداری و ئیشتراک کردنیان .**









# پرۆژەی یەکساڵەی مێشکی بزنسمان

**چۆنیەتی بەژداری و ناوتۆمار کردن :**

## ئیشتراکی یەک ساڵ .    نرخ : 195 هەزار دینار

- **داشکاندنی کاتی 16% ئەکاتە 164 هەزار دینار ( تا 2020/3/25 )**
  **( بۆ ئەو بەرێزانەی خێراتر ناویان تۆمار ئەکەن )**

- **بۆ بەژداربوانی خولی بزنسی کەسێتی . نرخ: 125هەزار دینار( تا 2020/3/20 )**
  **( بۆ ئەو بەژداربوانەی خێراتر ناویان تۆمار ئەکەن )**

- **بۆ بەژداربوانی خولی نوخبەکانی مارکێتینگ . نرخ : 145هەزار دینار ( تا 2020/3/20 )**
  **( بۆ ئەو بەژداربوانەی خێراتر ناویان تۆمار ئەکەن )**

- **بۆ بەژداربوانی خولی خێراخوێندنەوە .   نرخ : 155هەزار دینار ( تا 2020/3/20 )**
  **( بۆ ئەو بەژداربوانەی خێراتر ناویان تۆمار ئەکەن )**

## ئەم داشکاندنە کاتیە

## تا بەرواری 2020/3/25 بەردەوامە

## پرۆژەی مێشکی بزنسمان لە یەک ڕوانیندا بە خشتە

| ئۆفەر و خزمەتگوزاری | ئیشتراکی 3 مانگە | ئیشتراکی 6 مانگە | ئیشتراکی یەک ساڵ |
|---|---|---|---|
| نرخ | 65 هەزار دینار | 95 هەزار دینار | 164 هەزار دینار |
| ژمارەی کتێب | 12 کتێب | 25 کتێب | 50 کتێب |
| فایلی دەنگی کتێبەکان | نییە | هەندێکیان | هەموویان |
| وێبینار | نییە | 2 دانە | زیاتر لە 6 دانە |
| دیاری و ئۆفەری تر | نییە | نییە | هەیەتی |

**بۆ زانیاری زیاتر و کڕینی پلانی ئیشتراک پەیوەندی بکە :**

**07715014257 – 07508749287 (ڤایبەر . تلیگرام)**

**ئەم پڕۆژەیە بەرهەمی تیمی وێبسایتی ئاوز هۆم**

**www.awazhome.com**

**لە هەرشارێکی کوردستانەوە بیت**
**ئەتوانی بەژداری بکەیت لەم پڕۆژەیە**